### لێپرسراوی پۆلیسی دارستان: تا ئێستا هیچ ڕاوچییەكمان بۆ دەستگیر نەكراوە

# ئاژەڵو باڵندە كێوییەكان بەرەو لەناوچوون دەچن

بێستون بنگردی

گوندنشینەكانی بناری بەری مەرگە مەترسیی ئەوەیان لادروستبووە كە ئاژەڵو باڵندە كێوییەكانی ناوچەكەیان بەرەو نەمانو لەناوچوون بچنو هۆكاری ئەوەش بۆ وشكەساڵیو ڕاوكردنی ڕاوچییەكان دەگەڕێننەوە كە هیچ كەسێك نییە ڕێگرییان لێبكات، لێپرسراوی بنكەی پۆلیسی دارستانی ناوچەكەش باس لەوە دەكات كە ئەوان تواناكانیان سنووردارەو ناتوانن بەر بە ڕاوكردن بگرن لە ناوچەكەدا.

كاكەشێخ محەمەد، دانیشتوویەكی گوندی كانی تووە، كە یەكێكە لە گوندەكانی بناری بەری مەرگە، باسی لەوەكرد كە پەرەسەندنی ڕاوكردنی ئاژەڵەكان لەلایەن ڕاوچییەكانەوەو وشكەساڵیو نەمانی ئاو لە چیاو دەشتەكاندا مەترسیی لەسەر ئاژەڵو باڵندەكانی ناوچەكەیان دروستكردووە، وتیشی: «سەرەڕای مەترسیی وشكەساڵیی، باڵندەو ئاژەڵەكان ساڵانە ژمارەیەكی زۆریان ڕاودەكرێنو لە كەمبوونەوەدان». ئەو پێشبینیبوو كە ڕاوچییەكان هەست بە گرنگیی ئەو سامانە سروشتییە ناكەنو تەنها خواردنی گۆشتیان مەبەستەو دەیانەوێت بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە.

سەبارەت بەهۆكاری كۆنترۆڵ نەكردنی دیاردەی ڕاوكردن لە ناوچەكەدا، پۆلیسی دارستان چەند پاساوێكیان هەیە، لەوانە بەهۆی فراوانیی ناوچەكە كە لە چەند چیایەكی سەختو دەشتایی فراوان پێكدێت، كۆنترۆڵكردنی ڕاوكردن لەلایەن پۆلیسی دارستانی ناوچەكەوە ئەستەمەو ناتوانن بەتەواوی چاودێریی ئەو سنوورە فراوانە بكەن.

نەقیب عومەر مستەفا، لێپرسراوی بنكەی پۆلیسی دارستانی بنگرد، كە ئەركی چاودێریكردنی دارستانەكانی سنووری بەری مەرگەیان لەئەستۆدایە، ئاماژەی بەوەدا كە بەهۆی كۆمەڵێك گرفتەوە تا ئێستا نەیانتوانیوە كۆنترۆڵی دیاردەی ڕاوكردن بكەن لە سنوورەكەیانداو وتی: «بەهۆی كەمیی پۆلیسو پێداویستی وەكو ئۆتۆمبێلو فراوانیو سەختیی ناوچەكەوە، نەمانتوانیوە كۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە بكەینو ڕێگریی لە ڕاوی ئاژەڵان بكەین».

نەقیب عومەر هۆكارێكی دیكەی كۆنترۆڵ نەكردنی دیاردەكەی گەڕاندەوە بۆ سەرقاڵبوونیان بە قەدەغەكردنی ڕاوكردنی ماسی لە مانگەكانی ئازار تاكو حوزەیران، بە حوكمی ئەوەی ناوچەكە نزیكە لە دەریاچەی دوكانەوە، بۆیە بەوهۆیەوە نەیانتوانیوە بایەخی زیاتر بە ئاژەڵو باڵندەكانی چیاكان بدەنو ڕاوچییەكان دەستگیر بكەن.

وتیشی: «لەگەڵ ئەو كێشانەشدا هەموو هەفتەیەك مەفرەزەكانمان جەولە دەكەن، بەڵام تا ئێستا هیچ ڕاوچییەكمان بۆ دەستگیر نەكراوە، چونكە ناتوانین بە ٢٠ پۆلیس تەواوی چیاو دەشتەكانی ناوچەیەكی فراوان بپشكنین».

وشكەساڵیو كەمبوونەوەی ئاو، ئاژەڵو باڵندەكانی ناچاركردووە كە لە شوێنەكانی خۆیانەوە كۆچ بكەنو لە كانیاوی نزیك گوندەكان بژین، ئەو كۆچكردنەش بۆ نزیك ئاوەدانییەكان، كارئاسانیی بۆ ڕاوچییەكان كردووەو دەتوانن بە ئاسانیی باڵندەو ئاژەڵە كێوییەكان ڕاوبكەن.

یەكێك لەو ڕاوچیانەی كە لە ناوچەكەدا بەناوبانگەو بووەتە ناوێكی دیار لە ڕاوكردندا، پێیوابوو ڕاوچییەكان كارێكیان نەكردووە كە زیانی هەبێت بۆ لەناوچوونی باڵندەو ئاژەڵەكان، چونكە بە ڕای ئەو ئەگەر ئەوانیش نەیانكوژن، خۆیان دەمرن، «ئەگەر ئێمەی ڕاوچیش ئاژەڵو باڵندەكان ڕاونەكەین، ئەوا بەهۆی وشكەساڵییەوە لە تینوویتیدا دەمرنو لەناودەچن».

ئەو ڕاوچییە كە داوایكرد ناوەكەی بڵاونەكرێتەوە، ئاماژەی بەوەشدا كە چەندین ئاژەڵی وەك بزنی كێویو كارمامزو چەندین ئاژەڵی دڕندەی تر لە شوێنە سەختەكانی چیای ئاسۆس لە تینوویەتیدا مردوون، هەروەك وتیشی: «ئەو كەسانەی ڕێگریی لە ڕاوچییەكان دەكەن پێویستە بەر لەوە كارێك بكەن بۆ ئەوەی ئاژەڵەكان بەهۆی وشكەساڵییەوە لەناونەچن، ئەوكاتە بە ئێمە بڵێن بۆ ڕاودەكەن».

كوڕكوڕ، شوێنێكی كوێستانی ناوچەكەیەو سەر بە زنجیرە چیای ئاسۆسە، خاوەنی كانییەكی فێنكو سازگارە، ژمارەیەك لە ڕاوچییەكان چەندین شەو ڕۆژ لەسەر ئەو كانییە پشوو دەدەنو لولەی تاپڕەكانیان ئاراستەی ئەو ئاژەڵو باڵندانە دەكەن كە بەهۆی وشكەساڵییەوە لەدەوری جۆگەكاندا دەبینرێن.

لێپرسراوی پۆلیسی دارستان ئەوەشی خستەڕوو كە بەمەبەستی ڕزگاركردنی ئاژەڵو باڵندەكان لە مەترسیی وشكەساڵیی، چەند ڕۆژێكە نووسراویان بەرزكردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەكەیان بۆ ئەوەی دەبەو تانكەری ئاو دابین بكەن تا لە دەشتو لە چیاكان دایانبنێن بۆ باڵندەو ئاژەڵەكان تا لە تینوویتیدا نەخنكێن.

